# کوشتنی ژنێك بە دەستی هاوسەرکەیەوە لە ورمێ

**ئامادەکردن: چنوور قادری**

لە رووداوێکی زۆر دڵتەزێن و ناخۆشدا، ژنێکی کورد بە ناوی پەروین سادقی تەمەن 20 ساڵ، نیشتەجێی گوندی دزێی مرگەوەر سەر بە شاری ورمێ، بە دەستی هاوسەرکەیەوە ئاور لە جەستەی بەردەدرێ ولە ئاکامدا ئەو ژنە لاوە گیانی لە دەست دەدات.

پەروینی 20 ساڵە، دوو ساڵ لەمەوبەر بە هیوای داهاتوویەکی گەش و ژیانێکی بەختەوەرانە لەگەڵ کەسێك بەناوی سابیر جەباروەند، خەڵکی گوندی دزێی مەرگەوەر ژیانی هاوبەش پێك دێنێ. پاش ماوەیەك دەردەکەوێ کە هاوسەری پەروین تووشی ئێعتیاد بە مادده سڕکەرەکان بووە، بەم هۆیەوە کێشەگەلێکی زۆر بۆ بنەماڵەکەی پێك هاتبووبە تایبەتی ئەنجامدانی توندوتیژی لەهمبەر هاوسەرەکەیەوە. دوایین جار لە رۆژی 7ی پووشپەری ئەمساڵدا، کاتێك کە سابیر داوا لە پەروین دەکات کە تریاك تێکەڵ بە شیری منداڵە 13 مانگەکەیان بکات، لەگەڵ دژکردەوەو ناڕەزایەتی پەروین رووبەروو دەبێت. بە هۆی ئەو هەڵوێستە ئینسانی و دڵسۆزانەی دایکێك بەرانبەر بە منداڵەکەی، هاوسەری پەروین زۆر بێرحمانە دەکەوێتە گیانی ناوبراوو تا ئاستی بێهۆشی لێی دەدات و دواتریش بیست لیتریك نەوت بەسەر جەستەی پەروینی بێ تاوان دەکات و لەو پەری دڵرەقی و بێ پرەنسیپیی ئەخلاقی و ئینسانی ئاوری تێ بەردەدات.

لەشی نیوە گیانی پەروین سادقی رەوانەی نەخۆشخانەیەکی شاری ورمێ دەکرێت و لە ژێر چاودێریی پزیشکیدا دەبێت. بەڵام پاش حەوتوویەك بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ و هەروەها بە هۆی کاریگەریی برینی سووتاونەکەیەوە، رۆژی یەکشەممە، 14ی پووشپەری 1388ی هەتاوی لە نەخۆشخانە، گیانی لە دەست دەدات. پەروین لە نەخۆشخانەدا شێوەی ئەنجامدانی ئەو جینایەتەی بۆ دایکی باس کردبووو پزیشکی یاساییش ئەمەی پشتراست کرووتەوە کە پەروین بەر لە ئاور تێبەردان، تووشی لێدانێکی زۆر هاتووە.

شایانی باسە کە سابیر جەباروەند، هاوسەری پەروین سادقی پاش دوو رۆژ گیران لە لایەن هێزەکانی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە ئازاد دەکرێت! و پاساویشیان ئەوە بووە کە هیچ شاهیدێك لەمەڕ ئەنجامدانی ئەو جینایەتە نامرۆڤانە بە دەستی ناوبراوەوە لە بەردەستدا نیە!

لە زۆر خاڵداو بە پێی یاسای مەدەنیی رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ئەو ژنانەی کە لە لایەن هاوسەر، باوك، براو کەسانی نزیکانەوە کوژراون و دەکوژرێن، لە ماوەیەکی زۆر کەمدا ئازاد دەکرێن و لێکۆڵینەوەو لێپرسینەوەی یاسای و ئوسوولی لەمەڕ کوشتنی ئەو جۆرە ژنە قوربانیيانە ناکرێت. بەڵام ئەمە لە حاڵەتێکدایە کە ئەگەر ژنێك تووشی تاوانێکی لەو جۆرە بێ، یاسا و پەسندکراوەکانی رێژیمی ئیسلامیی ئێران بەپێچەوانەوە هەڵسووکەوت دەکەن.

بەم شێوەیە پەروین سادقیی 20 ساڵە، لە لایەك بووە قوربانیی ئەو یاسا و رێسا دواکەوتووو نامرۆڤانەی رێژیمی ئاخووندیی ئێران کە ماوەی 30 ساڵە بە شێوەیەکی سیستماتیك ژنان و ماف و ئازادییەکانیان پێشێل دەکات و لە لایەکی دیکەوە بووە قوربانیی نەخۆشیی ماڵوێرانکەری ئێعتیاد کە زۆر بنەماڵەی دیکەی کوردستان بە دەردی ئاسەوارەکانی ئەو نەخۆشییە دەناڵێنن.